


# کوردی ده ڤه ره که ی خۆراسان له وتوو ویژێکی خۆمانه ده گه ڵ کانیماڵ

ئه نجامدانی : ڕێناس جاف

له نێو ئه و کورده وارییه دا گه لێ که سایێتی به رز به لاّم ون و بێ نا و ونیشان هه نه هه رکه نه ختێ بیاندوێنی، به یه کجاری سفره ی دلّیان له ڕووت ده که نه وه و ئه وه نده یان پێیه،به ڕاستی دێیته سه ر ئه وه ی تیر و توانجی خۆ بگریته ئه و مێدیا و بلاڤۆکانه ی ڕۆژانه و هه فتانه و مانگانه، ته نێ بۆ پڕکردنه وه ی سووچه بۆشه کان و ڕووپه ڕه کانی به تاڵی خۆ،سووکترین و بێ بایه خترین بابه ت وا به رجه سته و زه ق ده که نه وه ، ئێژی کورد له وانه زێتر که سی نییه و ده رد ته نیا هه ر ئه وانه ن، که چی ڕاستیی ئه وتۆت لێ ده شارنه وه پێویسته میلله ت زۆر زووتر له مه ، ده گه ڵیان ئاشنا بێت و فره تریش ئاگادار بکرێنه وه .

هه موومان ده زانین کوردستان ولاّتێکی پان و به رین و له ت له ت کراو ه و هه ر به شێکی خراوه ته سه ر خاکی ده وڵه تێکی سه رده ست.

ڕه نگبێ هه تا به ئێستا لابه لا، سووکه شتێکتان له سه ر کوردی خۆراسان به رگوێ که وتبێ. ئه و کوردانه ی سیاسه تی ده وڵه تان له سه ر ده مانی خه لافه تی ئه مه وی، عه بباسی و ئه فشاردا به زۆره ملێ به ره و ناوچه ی

خۆراسانی بردوون.
به شی زۆری کورده کانی خۆراسان له شار و باژێره کانی  "ده ره گه ز"، "شیروان"، "قووچان"، "بجنوورد" ، " ئه سفه راین"، "باجگیران" و "چناران"دا ده ژین. زۆرێ له وانیش کۆچه رین و به رده وام له ماوه ی ساڵا گه رمێن و کوێستان ده که ن.
کوردانی خۆراسان بۆ خۆ ده بێژن نێزیکه ی 2 ملوێن که سان ده بن.
ڕاستیت گه ره که سیاسه تی ده وڵه تان به درێژایی مێژوو تووشی ده ردێکی کاری وای کردوون، گه ر به قسه ی خۆیان مۆسیقا و ستران و کولامی(که لام) کورمانجی نه بوایه ،له مێژ بوو هه موو شتێکیان له کیس چوو بوو.
به ڵام له نێو ئه و هه موو کورده دا که سایێتییه کی ئاشق به که لتووری کوردییان تیا هه ڵکه وتووه 50 ساڵی ڕه به قه خۆ ماندوو ده کات و هه وڵ ده دا و ده نووسێ هه تا ئه و گش کورده له بیر نه کرێن و جارێکی تر بگه ڕێنه وه ئامێزی  که لتووره ڕه سه نه که ی کوردی خۆ.
ئه مڕۆکه له نێو هه ر کۆڕ و کۆبوونه وه و جڤینێک دا هه رکه نێو کوردی خۆراسان برا،مرۆڤ بێ سێ و دوو وه بیر ساڵگارانێکی فره  له ئه رک کێشانی ئه و گیانه نیشتمانپه روه ره ده که وێ  که به مه به ستی زیندوو کردنه وه ی شوناسی کورد له وێنده رێ،تووشی چه نده گیران و چه رمه سه ری بووه به ڵام هیچ کامه له ته نگ و چه ڵه مه و يارييه کانی ڕۆژگار نه یانتوانیوه چۆک به و زاته به رزه دا بده ن.
"کانیماڵ" یان که لیموڵا ته وه حدی هه مان که سایێتی ڕۆح سووک و وره به رزی نێو کوردانی خۆراسانه ، نزیکه ی پتر له 50 ساڵه ڕاژه و خزمه تی زمان و که لتووری کوردی ئه و ناوه ده کات ، هه وڵ ده دا و تێده کۆشێ ، له و پێناوه شدا هه تا به ئێستا چه نده تووشی گێچه ڵ و ده ردی سه ری هاتووه که چی ساتێ له هه ڵوێستی به رزی خۆ پاشگه ز نه بۆته وه .
کانیماڵ که م کۆڕ و جڤینی کوردی ڕۆژهه ڵات هه یه به شداری تیا نه کرد بێت.
کانیماڵ بۆ کوردانی خۆراسان ئه و کانیاوه پڕ ئاوه یه هه تا هاتووه زێتر هه ڵقوڵیوه.
کانیماڵ به له چاپدانی پتر له 30 کتێب و په ڕتووکان له سه ر زمان، ئه ده ب، فۆلکلۆر،هونه ر و مۆسیقا و دیرۆکی ئه وێنده رێ،ڕێی توێژینه وه ی قووڵتر و به رفره وانتری ، خستۆته به رده م به ره ی نوێی خوێنده وار و ڕووناکبیری ئه و ده ڤه ره. به ڕاستی حه قه هه موو کوردێکی ئه و ناوه ، خۆ به قه رزداری ئه و زاته پاکه بزانێ .
گه ر ئه مڕۆکه نێوی کوردی خۆراسان لای کوردانی پارچه کانی دی کوردستان له سه ر زارانه ، بێ سێ و دوو ده ره نجامی خه باتێکی دوور و درێژی

ئه و پیاوه ڕۆح سووکه یه و دیاره هه وڵه که ی به فیڕۆ نه چووه.
ئه مه ی ده خرێته به رده م ئه نجام و ده سکه وتی وتوو ویژێکی کوردانه یه
ده گه ڵ ئه م زاته به رزه.

***********************************************************************

پ: سه یدا سه باره ت به نووسخه کانی خه تی و ده سنووس،ئه رکێکی فره ت کێشاوه ، ده کریێ هه ندیێ زێتر ڕاڤه ی ئه و خاڵه بکه ی و برێک تیشک بخه یته سه ر ئه و بابه ته ؟

و: عه رزت بکه م چونکه پێش من که س خۆی له قه ره ی کاری کوردی خاسما له سه ر فه رهه نگ و که لتووری کوردی خۆراسان نه دا بوو سه ره تای ڕیێ و ده سپێکی کار گه لیێ زه حمه ت و گران بوو، هه موو ئه و به رهه مانه ی من که هه تا به ئێستا چاپ بوونه ، هه ر له کتێبی " بزاوتی دیرۆکی کورد بۆ خۆراسان" و "دیوانی جه عفه ر قولی زه نگلی" و به رهه مه کانی دیکه وه ئه وانه هه موو نووسخه ی ده سنووس بوون، من هه موویانم له سه ر زاران کۆ کردۆته وه و چوومه نێو عه شیره ت و هۆز و تایفان ، له م گۆشه و ئه و گۆشه وه ،ئه وانه م به ر هه ڤ کردووه و پاشان به شێوه ی کتێب خستوونمه ته خزمه ت که لتووری کوردان به لاّم ڕاستیت ده ویێ ئه مه هه زار یه کی ئه و نووسخه و به ڵگه نامه به پیتانه یه که من کۆم کردوونه ته وه.
چونکه زۆربه ی ئه و نووسخه و به ڵگه نامانه به درێژایی زه مه ن، له نێو چوونه. بۆ نموونه زۆربه ی به ڵگه نامه کان له سه رده می "نادرشا" له که لات له نێو چوونه، هه ر وه ها له به ر ئه و لافاو و عه رد هه ژه ی له قووچان هات، زۆر به ڵگه نامه فه وتان. له بوومه له رزه و سێلاوه که ی بجنووردیش به حریێ له و به ڵگه نامه و نووسخه ده سنووسانه له به ین چوون به لاّم من سه رباری ئه و هه موو ڕووداوه تالاّنه ، ئه وه ی پێم کراوه درێخیم لیێ نه کردووه و زۆر نووسخه ی ده سنووسم له م لا و لا کۆ کردۆته وه و به له چاپدانی ئه و نووسخانه ، ویستوومه ڕاژه و خزمه تێک به که لتووره که م بکه م .

پ: هێژا کانیماڵ له سه ر ئه و به رهه مانه ی هه تا به ئێستا به چاپت گه یاندوون، چیت پێیه پێمانی بێژی؟

و: عه رزت بکه م یه ک له به رهه مه کانم وه ک پێشتریش ئاماژه م پێدا کتێبێکه به ناو و نیشانی :" بزاوتی دیرۆکی کورد بۆ خۆراسان" له 8 به رگدا که به ڵگه نامه کانی کوردانی خۆراسانی تیایه هه ر له سه رده می سه فه وییه وه هه تا ده وره ی سه رکه وتنی شۆڕشی گه لانی ئێران.
هه تا به رگی پێنجه می ئه م کتێبه م به چاپ گه یاندووه و نهاش به رگی شه شه می له ژێر چاپدایه. به رگی حه وته م و هه شته میش ئاماده ی چاپن.
"دیوانی جه عفه ر قولی زه نگلی" که به چوار زوانی کوردی، عه ره بی ، ترکی و

فارسی به چاپم گه یاندووه و هه تا چاپی دووه میشی چووه.
"کتێبی ئه سفه راینی دوێنێ و ئه مڕۆ" به رهه مێکی دیکه ی منه، پێویسته بڵێم زۆربه ی خه ڵکی ئه سفه راین واته سه تی هه شتای کورده، نزیکه ی 43 هۆزی کورد له شارسانی ئه سفه راین دا ده ژین.
"کولام و سترانێن کورمانجی" به رهه مێکی تری منه که ساڵی 1374 هه تاوی له چاپم داوه ، ئێسته ش کتێبی نادرشا له بن چاپدایه که وه ک نادری ساحیبقران ، شای شایانی ئێران به نێو بانگه ، ئه م به رهه مه ش له ژێر چاپدایه و به م زووانه ده که وێته بازاڕی کتێبه وه.
پ: سه یدا زۆربه ی به رهه م و کتێبه کانت ده ره نجامی هه وڵ و کار و چالاکی مه یدانین، سه باره ت به م بابه ته ده ڵێی چی؟
و: ڕاسته زۆربه ی به رهه مه کانم ئه چنه ئه و خانه وه ، من بۆ خۆم چوومه ته نێو هۆز و تایفه و خێڵه کانی کوردانی خۆراسان و ئه وه ی له سه ر به یت و چیرۆک و کولام و ستران و فۆلکلۆر و یارییه کانی باو و دیرۆک و ئایین و عیرفان و مه ته ڵۆک و کشت و کاڵ و ئاژه ڵداری و مۆسیقا و دۆخی جۆگرافیایی کوردانی خۆراسان بووه، موتالا و لێکۆڵینه وه ی مه یدانیم له سه ری به به ئه نجام گه یاندووه .
من له ڕێی به ڵگه نامه و هه روه ها تۆمارکردنی ده نگ و فیلم هه ڵگرتنه وه، ئه و گرینگه م جێ وه جێ کردووه،نهاش هه موو ئه وانه له ئه رشیڤه که مدا هه نه و پۆلێن به ندیشم کردوون. هه ر له و پێوه ندییه دا ده بێ بڵێم په ڕلان و کتێبخانه که م ئه رشیڤێکی زۆر ده وڵه مه نده له به ڵگه نامان که هیوامه توانیبێتم له و ڕێگه وه خزمه تێک بگه یینمه که لتووری کوردی.
پ: زمان، که لتوور و فۆلکلۆری کوردانی خۆراسان هه تا چه نده توانیویه ڕه سه نایێتی خۆی بپارێزێ؟
و: ڕاستیت ده وێ به خته وه رانه هه تا به مرۆ توانیویه ئه و خه زێنه ده وڵه مه نده کوردییه له فه وتان بپارێزێ به ڵام ئێستا ته له فزیۆن ئێمه ی وه به ر هێرش و شاڵاوێکی توند داوه ، که لتووری کوردی له م ناوچه دا به ڕاستی له به ر مه ترسییه کی هه ره قه تی دایه، زارۆک که له ته مه نی شه ش ساڵان لای دا و له ماڵ ترازا و چووه قوتابخانه، هه موو شتێ به فارسی فێر ئه بێ، ئیدی ڕێی ئه هه ر کوێ ده که وێ، ناچاره خۆی به فارسی ڕا بێنێ،زوانی ڕۆژنامه و گۆڤار و مێدیاکان هه مووی فارسییه ، ئێمه به داخه وه ده زگاییکی چاندی و فه رهه نگی و که لتووریمان نییه بتوانێ لاوان بگه ڕێنێته وه باوه ش و ئامێزی که لتووری کوردی ، هه ر بۆیه زمان و که لتووری کوردی خۆراسان له بن مه ترسی فه وتان و له نێو چووندایه و من ئه م ئاینده به ڕوون نابینم.

چونکه ئه و به ره ی که ئێستێ ته مه نیان له 40 و 50 ساڵی دایه ، گه ر ئه و به ره بچێ له شوێن ئه وان به ره یێک دێ  که له هه موو شتێکی کوردی دابڕاوه.

پ: باشه سه یدا تاقمی خوێنده وار و ڕووناکبیری ئه و ناوه بۆ قه ره بووی ئه و خه ساره مه زنه چیی له ده س دێت؟

و: گرفته که ی مه هه ر لێره دایه خۆ هه موو ان نابنه نووسه ر، یه ک دووی ئاژه ڵداری ده که وێ، یه ک وه دووی کشت و کاڵ ئه که وێ، تاقمێ ئه که ونه دووی کاسبکاری و ژماره یێکیش ڕێی عیلم و زانست و تێکنۆلۆژی ده گرنه به ر و له نێو شول و کاره که ی  خۆدا نغرۆ ده بن، له و نێوانه دا ته نێ ژماره یێکی که من ده که ونه شوێنی کار و باری چاندی و که لتووری ، بۆ نموونه من یه که له وانه م که یه که م کاری کوردیم له خۆراسانا به ئه نجام گه یاندووه،

به ڵام من ناچارم بۆ وه ده س خستنی بژیوی ژیان، کرێکاری بکه م و ئێواره به ده ستی تلیش تلیشه وه  بگه ڕێمه وه ماڵ، ئیدی کوا ده توانم به و ده سته پڕ ژانانه وه ده س بۆ قه ڵه م به رم؟!

به ڕاستی ئێمه به ده س هه ژارییکی کوشنده وه ده ناڵێنین.

من نێزیکه ی 30 به رگ کتێبم له سه ر مێژوو، که لتوور، خه ڵکناسی،مۆسیقا و ئایین و ئه وه ی به له ونێ پێوه ندی به کوردانه وه هه یه  و بگره له سه ر ناکورده کانیش  ئاماده ی چاپه، که چی ناتوانم به چاپیان بگه یینم ،

چونکه له باری دراوی و مادییه وه هیچێ شک نابه م ، هه تا که ی

هه ر 15–10 ساڵ جارێک بچم و له دۆس و هه ڤاڵان، پاره قه رز بکه م و به هه زار زه حمه تان  یه کێکیان له چاپ بده م و هه تا بکه وێته بازاڕ و خه ڵک بیکڕن و قه ران  قه ران کۆی بکه مه وه ، تازه ئه و پاره ی من بۆ چاپم خه رج کردووه ، ده ستم ناکه وێته وه، ئیدی له وه گه ڕێ نرخی قاقه ز

له ماوه ی ئه م ساڵانه دا پڕ به رز بۆته وه ، تازه گه ر هه موو هه ژمارانیش بفرۆشرێن ، من پاره که ی خۆمم ده س ناکه وێته وه . بۆیه ئیتر به ڕاستی له ده ستم نایه دووی کاری فه رهه نگی بکه وم، به ئاخری خه ت گه یشتووم، هه ژاری نایه ڵێ هیچ بکه ین، ئابووری ژێرخانی هه موو کارێکه،جا کاتێ له ئاستێکی نزمدا بێت، ئیتر کوا کارمان پێ ده کرێ؟بۆیه ئینسان ئیدی بڕ ناکا و کاریش په کی ئه که وێ.

پ: سه یدا کانیماڵ یه ک له و کتێب و په ڕتووکانه ی له چاپت داوه کتێبێکه له سه ر شاعیر و هۆزانی هه ره ناسراوی کوردی خۆراسان ،"جه عفه ر قولی زه نگلی " ، سه باره ت به م شاعیره چیت پێیه؟

و: عه رزت بکه م جه عفه ر قولی یه کێکه له مه زنترین شاعیرانی ده ڤه ری خۆراسان که له سه رده می "محه مه د شای قه جه ر و ناسره دین شا و مزه فه ره دین شا"، عومرێکی درێژی کردووه که دووی کاری فه رهه نگی

که وتووه ، جه عفه ر قولی له دونیای خه ون و خه یاڵدا تووشی ئه وینێکی خه یاڵی ده بێ و ده بێته ئاشقی کچێ به نێوی مرواری  له ته مه نی 16–15 ساڵانه وه  سه ری خۆ هه ڵده گرێ و ده بێته گراوی مرواری و ته واوی ته مه نی نزیکه ی 100 ساڵه ی خۆی به دوای مرواری دا چیا و دۆڵ و هۆز و عه شیره ت و وڵاتان ده گه ڕێ  ،  هه ر له چین و خوته ن و هیندستان و وڵاتانی ئاسیای ناوینه وه بگره هه تا وڵاتی عوسمانی و وڵاتانی ناوچه ی قه وقاز و گورجستان و له خودی ئێران و هه تا شام و شاره کانی مه ککه و مه دینه ی وڵاتی عه ره بستان ، به شکو مرواری ،خۆ په یا بکات له و هه موو ڕێگایانه دا به هۆی ئه و هه موو ئه زموونه ی وه ده ستی ده خات، هه مووی ده خاته خزمه ت هۆنینه وه ی شێعر و جوانترین هه ڵبه ست ده هۆنێته وه، له به یتی ئاخری هه موو شێعرێک دا له خودای خۆی ده پاڕێته وه به مرواری بگه یینێ، بۆ نموونه ئه ڵێ : ئه تۆ عه لی و فاتمه ت به یه ک گه یاند، تۆ سوله یمان و بلقێست   به یه ک گه یاند، ئێمه ش به مراز بگه یینه ، بۆ نموونه له م شێعره دا ئه ڵێ:

بار ئیلاها به حه قی ڕه زا زامنی ئاهوو
شه ویک بێ وه خه ونێ من  مرواریێ چه شمێ جادوو
وه مینا ڤێ سه ییادێ بێ ڕوو وه ڕوو
هێسیرکه من وه پێ خۆ
ئه و وه که مه ندێ گێسۆ
ئه عبیرێ وه خه ونێ من ئاشکار که هه رچێ زوو
ئاشکار که هه ر چێ زوو

پ: ده توانین بڵێین جه عفه ر قولی به ڕاستی ئاشق و شه یدا و ئه ویندار بووه؟

و: به ڵێ ، جه عفه ر قولی ئه شقێکی عیرفانی له ناخیا بووه، له مێژووی عیرفانی ئێرانی و ئیسلامی دا ئێمه که سێکی وامان به ته واوی مانا عارف و سووته دڵ، به رچاو ناکه وێ، له حاڵێکدا ئه شقی جه عفه ر قولی به درێژایی عومری 100–90ساڵه ی به ته نیا هه ر  دوو تارێک بووه و به س. به ڕاستی جه عفه ر قولی مۆسیقای کوردانی خۆراسانی له فه وتان پاراستووه و مۆسیقای ئه مڕۆ قه رزداری هه وڵی دڵسۆزانه ی ئه و مرۆڤه مه زنه یه ، ئه مڕۆکه 14 ئاوازان له و شاعیره ئاشقه ماونه ته وه که قوتابیانی وی به به ره ی ئه مڕۆیان گه یاندووه. له قووچان و ده ره گه ز و که ڵاتی نادری ده چوونه خزمه تی و فێری مۆسیقای کوردی ده بوون ، گه ر مۆسیقا و سترانی کورمانجی نه بوایه ن، بێگومان کوردی خۆراسان ئه مڕۆ هه موو شتێکی له بیر کرد بوو.

پ: سه یدا یه کێکی دی له به رهه مه کانت له سه ر چیرۆکی کوردی

له ده ڤه ری خۆراسانه ، له و باره وه هه گبه که ت چی تیایه ؟

و: چیرۆکی کوردانی خۆراسان زۆرن، کاتێ من مژولی لێکۆڵینه وه بووم ، دیتم که نه مر" سه مه دی بێهڕه نگی " کاتێ ئه و چیرۆکانه ی کۆ کردۆته وه ، لام ده رکه وت زۆرێ له و چیرۆکانه ی له کوردانی "خوی و ورمێ" وه رگرتووه که به نیوه چڵی نووسرابوونه وه ، ئه و چیرۆکانه له نێو کوردانی خۆراسان به تایبه ت لای کۆچه رییه کان به ته واوی هه بوون ، من چووم له نێو ئه و کۆچه رییانه هه موو ئه و چیرۆکانه کۆ کرده وه .

چیرۆک و داستان له نێو هه موو قه وم و میلله تێک دا یه ک له سه ره کی ترین به شه کانی که لتووری ئه وان ده گرێته وه که سه رچاوه که ی ڕووداوه کانی دیرۆکی و جڤاکی نێو میلله تانه و له چوارچێوه ی چیرۆک و داستان خۆ ده رده خات. ئه و چیرۆکانه ی که من کۆم کردوونه ته وه وه بزانم هه زار یه کی ئه و چیرۆکانه نه بێ که له نێو کوردانی خۆراسانا هه یه ، بۆ نموونه ده بینی پیره ژنێک نه ده زانێ شا عه بباس کێیه و نه ش شاری ئیسفه هانی دیوه ، کاتێ چیرۆکه که ئه گێرێته وه ئێژێ شان به شانی شا عه بباس به نێو کووچه و کۆڵانه کانی ئیسفه هان دا ده گه ڕێ. ناوه رۆکی زۆربه ی چیرۆکه کان باس له حه ماسه و قاره مانیه ته .

پ: سه یدا ئایا له سه ر په ندی به ریتان، کارێکی ئه وتۆت بۆ به ر هه ڤکردنی په نده کانی پێشینیان له و ده ڤه ره دا ئه نجام داوه؟

و: من بۆ خۆم نزیکه ی هه زار په ندێکم کۆ کردۆته وه و نێوی کتێبه که م ناوه "په ندی کورمانجان" که هێشتا چاپ نه بووه. په ندی به ریتان ده سکه وتی ئه زموونی خه ڵکانه و زۆر بوارانیش ده گرێته وه .

په ندی به ریتان به ڕاستی ئاوێنه ی ژیری خه ڵکانی بلیمه ته و به هۆی هه ر په ندێکه وه ئێمه لامان ڕوون ئه بێته وه بیر و بۆچوونی خه ڵک له و سه رده مه د ا چلۆن بووه.

پ: سه یدا ئایا له سه ر لیستۆک(لیسته ک) و یارییه کانی خۆجێی ئه و ناوه به ر هه مێکت هه یه ؟

و: له سه ر ئه و بابه ته ش کتێبێکم هه یه که زۆر یاری و کایه ی جوانی تیایه که یاری وا هه یه به دوو که سان ده کرێ و لیستۆکی واش هه یه 500 که سان ده توانن تێیدا به شدار بن،هه مه جۆره کایه و یاری هه یه ، هه ر بۆ نموونه له یاری تۆپێن دا چه ن جۆره لیستۆکمان هه یه .

پ: ئایا خه ڵک ئێستا له و چه شنه کایه و یارییانه پێشوازی ده که ن؟

و: هه ل و مه رجی ژیان و گوزه ران له م ساڵانه دا پڕ گۆڕانی به سه ردا هاتووه. لایه نی ئابووری ژیان و وه ده س خستنی بژیوی ژیان،لای خه ڵک بایه خێکی زۆری په یا کردووه، هه ر بۆیه خه ڵک زێتر دووی کار و هه رمانێک ده که ون،

ده سكه وتێكی مادی بۆیان تێدا بێت ، هه ر له به ر ئه وه ش که متر خه ڵکه که
به لای کاری فه رهه نگی دا ده چن ، ئه مه ته نیا تایبه ت به کورد نییه و
له نێو هه موو گه لانی سه رزه ویشدا هه ر وایه .
جاران خه ڵک لای ئێمه له ده سپێکی نه ورۆزه وه هه تا 14 نه ورۆز ، جه ماعه ت
خۆیان به یاری و لیستۆکی جۆربه جۆری کوردییه وه سه رقاڵ ده کرد،که چی
ئێستا خه ڵک دوای سێ چوار ڕۆژان که به گه شت و گێڵ و سه ردانی یه کتره وه
مژول ده بن ، ده گه ڕێنه وه سه ر کار وباری ئاسایی ژیانی خۆ.
ئه و جۆره کارانه پێویستی به ده وڵه تێک هه یه که لاگری له و یارییانه بکات ،
ده وڵه ت ئێستێ هاتووه کۆنگره بۆ تازیه خوێنی ده به ستێ که کارێکی باشه،
چونکه سه رچاوه ی مۆسیقای ئێمه له تازیه خوێنییه وه دێ.
له و لاشه وه ده بێ بایه خ به یارییه کانی خۆجێی بدرێ، بۆ نموونه ئێمه جۆره
لیستۆکێکمان هه یه که به تۆپ و دار(چێو) ه و 500 که سان ده توانن به شداری
تیا بکه ن ، پێویسته له سه ر ئه م جۆره یارییانه کاری زێتر بکرێ و فره تر
زیندوو بکرێنه وه .
پ: سه یدا دوا په یڤت؟
و: پێویسته جه ماعه تی خوێنده وار و ڕووناکبیر زێتر وه خۆ بکه ون هه تا
که لتووری ده وڵه مه ندی کوردی فره تر خۆ له نێو کۆمه ڵگه دا نیشان بدات،
ئه مه پڕ بۆ پاراستنی کۆمه ڵگه و جڤاکی مه پێویسته .